لەم ژمارەیەدا

ل3 تورکیا تیرۆری دژ بە کورد بەڕێوەدەبات، ئامەد وەك نموونە

ل5 داگرتنی ئاڵای بەعس و لە گۆڕانی بیری رەگەزپەرستی

ل6 بۆچی فێمینیزم دوژمنی ئەوەندە زۆرە؟

ل7 کوردستان و وێڵبوون بە شوێن مافەکانی مرۆڤدا



# گەل رۆژی

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (157) یەکشەممە 2006/9/17


## تورکیا 3000 گوندی سووتاندووە

رۆژی 13–9–2006 رۆژنامەی ئیندیپێندیتی بەریتانی بە پێنووسی جۆستن هۆگلەر بابەتێکی سەبارەت بە رەوشی باکوری کوردستان بڵاوکردۆتەوەو دووپاتی کردۆتەوە کە کورد نەتەوەیەکی گەورەی جیهانەو تا ئێستا بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆ ماوەتەوە. ئەو لەدرێژەی نووسینەکەیدا سوپای تورکیای بە سووناندنی 3000 گوندی کوردان تاوانبار کردووەو دووپاتیشی کردۆتەوە کە بە هەزاران کەس بەو هۆیەوە بێ ماڵو جێگە ماونەتەوە.

جۆستن هۆگلەر لە کۆتاییدا دیاریکردووە کە حکومەتی تورکیا پەلەی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا دەکات، بەو هۆیەوە ناچار دەبێ کە بوونی کورد بسەلمێنێو مافەکانیان بۆ بگێڕێتەوە.

# چاودێرانی نێودەوڵەتی: بەردەوامبوونی شەڕی نێوەخۆ، عێراق هەڵدەوەشێنێتەوە

کاربەدەستانی عێراق، بەتایبەتیش سەرکۆمارو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانو جێگرەکانیان بەردەوام باس لە دیموکراتیزەکردنی عێراق دەکەنو بەڵێنی ئومێد بەخشی دیموکراتیزەکردنی عێراق دەدەنو دووپاتی دەکەنەوە کە عێراق پێگەی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ، کەچی چاودێرانی نێودەوڵەتی پێچەوانەی ئەوان بیر دەکەنەوەو راشکاوانە جەخت لەسەر ئاکامی خراپی بەردەوامبوونی شەڕی نێوەخۆی عێراق دەکەنەوە کە ئێستا بە کردەوە بەڕێوەدەچێ.

سەرچاوەکانی هەواڵ دووپات دەکەنەوە کە رۆژانە زیاتر لە 100 کەس لە پارێزگای بەغداد دەکوژرێن، تەرمەکانیان دەدۆزرێنەوە یان بە بریندارى رەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێنو لەوێ گیان لەدەست دەدەن. لە کۆتایی رۆژەکانی هەفتەیی رابردوو دۆزینەوەی تەرمی کوژراوان بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەرەی گرتبوو کە دەستەڵاتدارانی عێراقیش نەیاندەتوانی نکۆڵی لێبکەن.

عەدنان دلێمی سەرۆکی بەرەی تەوافق نیگەرانی خۆی بۆ میدیاکان دیارکردو رایگەیاند کە تیپەکانی مەرگ درێژە بە رەشەکوژی دەدەن، ئەگەر سنوورێکی بۆ دانەنرێ پرۆسەی سیاسی لەکار دەکەوێ. دێڤید ساترفێلد راوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە حکومەتی بەغداد کرد کە سنوورێك بۆ توندوتیژی مەزهەبی دابنرێ، دەنا ئاشتیو ئارامی لە عێراق بەرقەرار نابێو ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

ئەشرەف قازی نوێنەری سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان دووپاتی کردەوە کە عێراق بۆتە ناوەندێکی گەورەی ململانێی جیهانی، توندووتیژیەکان بەشێوەیەك زیادیان کردووە کە وڵات بەرەو جەنگێکی ناوەخۆی ترسناك دەبات. هەر لەو پێوەندیەدا کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی بۆ داهاتووی عێراق دیارکردوو بە چاوگەی نائارامی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینی داناو بوونی هێزەکانی ئەمریکای بە چاوگەی گرژیو ئاڵۆزیەکان لێکدایەوە، ئەو گوتی: ئەگەر ئەمریکا پاشەکشەش بکات ئەوا توندوتیژیەکان زیاتر دەبنو چارەنووسی عێراق نادیار دەبێ. هەر سەبارەت بەو کێشەیە ماوەیەك لەمەوبەر هەریەك لە جۆرج بووشی سەرکۆمارو رامسفێلدی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مەترسی خۆیان بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەتری تایفی لە عێراق پێشان دابوو. لەلایەکی دیکەشەوە گەورە چاودێرانی جیهانی پێیانوایە ئەوەی ئێستا لەعێراق بەڕێوەدەچێ شەڕێکی نێوەخۆی بەرنامەدارو ترسناکەو بەردەوامبوونیشی عێراق هەڵدەوەشێنێتەوەو گورزیش لە رەوتی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناڤین دەدات.

## کۆمەکانی ئەوروپا بۆ عێراق رادەگیرێن

رۆژی 16–9–2006 رێکخەری هاوکاری مافی مرۆڤو بەرنامەکانی دیکەی ئەوروپا لە رۆژهەڵاتی ناڤین رایگەیاند کە ئیتر ئەوروپا کۆمەکانی خۆی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق رادەگریو لەژێر ئەو رەوشە نائاساییەدا ئامادە نییە درێژە بە هاوکارییەکانی خۆی بدات.


ئەوەی شیاوی باسە بەشی هاوکاری مافی مرۆڤو بەرنامەکانی دیکە سالانە 110 ملیۆن یۆرۆ هاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ئەو وڵاتانە دەکات. رێکخەری هاوکاریەکان دووپاتی کردۆتەوە کە ئەوان زیاتر لە ملیۆن یۆرۆیان بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق سەرکردووە، بەڵام چیتر بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵناگرن کە کارمەندەکانی خۆیان بۆ ئەو شوێنە پڕ لە ئاژاوەیە رەوانە بکەن، چونکە ئێمە پێوانەی تایبەتی خۆمان بۆ چاودێری لە وڵاتاندا هەیە.

## رۆژەڤ

ئەزموونی باڵادەستبوونی رەگەزپەرستانی عەرەب لە عێراق ئەو راستیەی وەدەرخستووە کە ئەوان لەگەڵ یەکسانیو وەکهەڤی نەتەوەکان دانینو بۆ بەعەرەبکردنی هەموو عێراق هەوڵدەدەن. خۆ نەبانکردنی سەرکردایەتی کورد لەو چەمکە زیانێکی گەورەی بە دۆزی رەوای کوردستان گەیاندووەو دەگەیەنێ. ئێستا بەشێك لە سەرۆك هۆزەکانی عەرەب راشکاوانە هەوڵی ئازادبوونی سەدام حوسێنو گەڕانەوەی دەستەڵاتی بەعس دەدەنو پێشمەرج بۆ ئاشتەوایی دادەنێن. ئەو هێزانەی کە بەر لەرووخانی رژێمی سەدام دەهاتنو لە کوردستانی ئازاد دەحەوانەوە، هەموو داخوازیەکانی گەلی کوردستیانیان بەرز دەنرخاندو پشتیوانیان لێدەکرد، ئێستا ئەوانیش نەك ئامادەنین رێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مافانە خۆشبکرێ، بەڵکو سەرسەختانە پێکۆڵ لەسەر هێشتنەوەی دیمۆگرافیای شێواوی کەرکوك دەکەنو نایانەوێ رەوشی پارێزگاکە ئاسایی بکرێتەوەو راپرسی تێدا بەڕێوەبچێ. لەلایەکی دیکەشەوە بە خشکەیی هەوڵی لەبین بردنی سیستەمی فیدراڵی دەدەن، ئەوان بە بیانۆی مەترسی پارچەبوونی عێراقی دەستکردی کۆلۆنیالیزم دژایەتی عێراقی فیدراڵی دەکەن، دژایەتیکردنی فیدراڵی دژایەتیکردنی مافو ئازادیەکانی نەتەوەو پێکهاتەکانی ناعەرەب بەرجەستە دەکاتو نیشانەی خۆسەپاندنی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکانی دیکە خۆیا دەکاتەوە. ئەمڕۆ بەشێك لە هێزەکانی شیعە لەگەڵ هێزە سوننە توندڕۆکان هاوڕاو هاوهەڵوێستنو فیدراڵی بوونی هەرێمی کوردستان بە ترسناكو پیلانی دەرەکی دادەنێنو بۆ هەڵوەشانەوەی کار دەکەن.

بە فیدراڵیکردنی هەرێمو هێشتنەوەی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق نە داخوازی خەڵکی کوردستانو نە ئەنجامی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیش بووە، کەچی دوای دەیان شۆڕشو راپەڕینو دوای سەدان کارەسات ئەوسا سەرکردایەتی هێزە باڵادەستەکانی کوردستان ئارەزوومەندانە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق تێکۆشانو شاننزمییان لە داخوازیە نەتەوەیەکان کردو هەوڵیان دا دڵی برای عەرەبی چاوڕەشیان خۆشبکەنو لە جیاتی ئەوانەوە پارێزگاری لە سەروەری ئەو وڵاتە بکەن کە دژ بەخواستی نەتەوەکانیەوە لەلایەن هێزەکانی دەرەکیەوە دروست کراوە. دوای بڕیاری داگرتنی ئاڵای بەعس لە هەرێمی کوردستان، نەتەوەپەرستانی عەرەب شاڵاوێکی گەورەیان بەڕێخستو گۆبەندێکی نەشیاویان سازکرد. ئەو شاڵاوە زەنگی مەترسی بۆ سەر داهاتووی پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ناو عێراق لێداو هەموومانی وریا کردەوە، لانی کەم دەبێ دەستەڵاتدارانی کوردستانی هۆشیار کردبێتەوەو هانیان بدات تا جارێکی تر بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری نەتەوەکەیان سەوڵی سیاسەت لێنەدەن. گەلی کوردستان لەو ریفراندۆمە نافەرمیەی کە 31–1–2005 بەڕێوەچوو زۆر راشکاوانە بڕیاری خۆی داو کوردستانێکی سەربەخۆی کردە ئامانج، لێ مخابن سەرکردایەتی کورد خۆی لێ بەخاوەن نەکردو بەخشکەیی چاوپۆشی لە خواستی دوو ملیۆن مرۆڤی باشووری کوردستان کرد، ئێستا پەرچەکرداری عەرەب سەبارەت بە داگرتنی ئاڵای بەعس لە هەرێمی کوردستان لەچلەپۆپەی خۆی دایەو بەشێك لە هێزەکانیشیان بۆ هەڵوەشانەوەی فیدراڵی کار دەکەن، دەبێ سەرکردایەتی کوردستان لەسەر ئەو خاڵە رابوەستێو ئیدی بۆ بڕیاری گەل بگەڕێتەوەو ئاوڕ لە بزاڤی راپرسیو خواستی زۆرینەی گەلی کوردستان بداتەوەو واز لەو سیاسەتە بهێنێ کە سەرکردایەتی لە جیاتی زۆرینەی گەل بیر بکاتەوەو بڕیار بدات.

## بووش پەیامێکی رێزدار بۆ ئێرانیان دەنێرێ



دێڤید ئیگنیش نووسەری ستوونی ئازاد لە رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە دوایین نووسینی خۆیدا باسی ئەو دیدارە دەکات کە رۆژی چوارشەممەی رابردوو لەگەڵ جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکا ئەنجامی داوە، ئەو دەنووسێ: لە بووشم پرسی ئایا مەیلدارە پەیامێك بۆ گەلی ئێران بنێرێ. ئەویش لە پەیامەکەیدا بۆ ئێرانیان گوتویەتی: (ئێمە رێز لە مێژووی ئێوە دەگرین، رێز لە فەرهەنگی ئێوە دەگرین، ئێمە پەسنی پسپۆڕی خەڵکی ئێوە لە بواری پەیداکردنی کارو بازرگانی دەکەین. من بە میللەتی ئێران دەڵێم ئێمە فەرمانڕەوایی میللی ئێوە کە میللەتێکی رێزدارنو خوازیاری داهاتووی جێگیر بۆ هاوشاریانن بە فەرمی دەناسم).

بەگوێرەی لێکدانەوەی چاودێران دوای ئەوەی محەمەد خاتەمی سەرکۆماری پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران سەردانی ئەمریکای کردووەو لەگەڵ کۆڕو ناوەندەکانی ئەو وڵاتە دیدارو کۆبوونەوەی هەبووە، جۆرج بووش نەرمی لەبەرانبەر ئێرانیانو کۆماری ئیسلامی ئێران دەنوێنێ. دێڤید ئیگنیش دەڵێ: لەبارەی سەفەری خاتەمی پرسیارم لە بووش کرد، ئەویش لە وەڵامدا ئارەزوودار بووە کە ئاڵوگۆڕی زیاتری فەرهەنگیو پەروەردەییو زانکۆییو مەردومی پێکبێ.

## رۆژنامەوانان، ئەردۆگان دەتاسێنن



دوای ئەو کردەوە تیرۆریستیەی کە لە شاری دیاربەکر روویداو کوژرانی ژمارەیەك کوردی سڤیلی لێکەوتەوە، دەوڵەتی تورك گەریلاکانی کۆنگرەی گەلی تۆمەتبار کرد، بەڵام دواتر گروپی (تی ئای تی) لە ماڵپەڕەکەی خۆیاندا بەرپرسارێتی ئەو کردەوە تیرۆریستیەیان لە ئەستۆ گرتو رایانگەیاند کە ئەوان چالاکیەکەیان ئەنجام داوەو بڕیاریان داوە دە کوردی سڤیل لە جیاتی هەر سەربازێکی تورك بکوژنەوە، ئاڵۆزیو پەشێوی کاربەدەستانی تورکیای گرتەوە. رەجەب تەیب ئەردۆگان رۆژی 15–9–2006 لەشاری سێرت کاتێ رۆژنامەوانێك لێیپرسی رای تۆ چیە کە گروپی (تی ئای تی) بەرپرسارێتی تەقینەوەکەی لە ئەستۆ گرتووە؟، شڵەژاو نەیزانی چۆن خۆی لە پرسیارەکە دەرباز بکات، بە ناچارییەوە گوتی: هەندێ بەڵگە لەدەست ئێمە داهەن، ئاشکرا دەکەن ئەوان نین!!.

ئەردۆگان بۆخۆی باش دەزانێ کە دەوڵەتی تورك تیرۆرو تۆقاندن بەرانبەر کورد پێڕۆ دەکات، بەڵام بۆ خۆ دەربازکردن لەو کێشەیە هەم پاکانە بۆ گروپێکی رەگەزپەرستو تیرۆریستی تورك دەکات هەم بە نەخێر وەڵامی بانگەوازی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد دەداتەوە.

## سەرۆکی لاتیڤیا بۆ جێگەی ئەنان بەربژار دەکرێ



هەواڵەکان: سێ وڵاتەکەی بەڵتیك، ئیستۆنیا، لاتیڤیاو لیتوانیا کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەربژار کردووە، ئەو سێ وڵاتە خاتوو ( vaira vike- freiberge) تەمەن 68 ساڵیان بەربژارد کردووە کە ئێستا سەرۆکی وڵاتی لاتیڤیایە، ئەمە یەکەمین ژنە کە بۆ ئەو پۆستە بەربژار بکرێ، بەڵام شەشەمین کەسە لە بەربژارکردندا.

ئەوەی شیاوی باسە پێشتر هەریەکە لە (بان کی موو) وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور، (شاشی سارۆ) یاریدەدەری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری گەیاندن، (سوراکیارت ساتیراتای) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی تایلەندا (زەید بن رەعد) نوێنەری هەمیشەیی ئوردن لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو (جایانتا دانابالا) دیبلۆماسی سریلانکا بۆ پۆستی سەرۆکی (UN) بەربژار کرابوون.

لەلایەکی دیکەوە ئەوە ماوەی 15 ساڵە ئەفریقیەکان سەرۆکایەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن، ئێستا چین پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ ئەمجارەیان کەسێکی ئاسیایی بۆ ئەو پۆستە دیاری بکرێ.

